www.kurdistannet.org
19-2-2006 12:03بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## كێشەی كورد و حكومەتە نوێیەكەی جەعفەری... ! باوكی بۆتان

دەمێكە میللەتی كورد لە باشووری كوردوستاندا، بەو ئاوتەوویە كە سەركردەكانمان، ڕۆژێ زووتر چاوێك بە خۆیان بخشێنەوە و ئارەزووەكانی میللەت لە پێش بەرژەوەندیاكانی خۆیانەوە دابنێن. بەڵام ئەم داوكارییەی میللەت هەر پشت گوی دەخرێ وكاری بۆ ناكرێ، بۆیە سیستی وبی باوەری لە ناو ئێمەی میللەت و سەركردەكانمان بەردەوام لە نەهێنیدایە، وە بە باوەری من كۆتاییەكی سەخت و دژوار چاوەرێمان دەكات لە ئاییندەدا. لای هەموو ئاشكرایە كە ئەم سەركردانە سەریان لە زۆربەی تاكەكانی میللەت تێك داوە وە وە هەرگیز ناهێڵن بەلكو قەدەغەشە بۆ پارتێكی نوێ ململانێیان لە گەڵدا بكات ئەگەر سەر بە یەكێ لەو دوو ئیدارە ڕەشانە نەبن.
دەمەوێت تۆزیك بۆ سالانی رابوردوو بگەریمەوە و بەلێنە زۆرەكانی سەركردەكانمان بهێنمەوە یاد، كە دەها ئومێدی خۆشیان بۆ دوارۆژی میللەت باس دەكروو خواست و ویستەكانی خۆیان دەهێنایە دی، كەچی هەردەم ئەوان بە هەمان دەموچاو بە بێ گۆران ماونەتەوە، وە دەموچاوەكان زۆر ناسراون لای ئێمەی كورد، وەک چۆن خودای گەورە بەزۆر بە سەرمانیاندا چەسپاندبێ. من تێ ناگەم لو هەموو كۆنفرانسە حیزبیانەی كە دەكرێ هەر ئەوهەمان دەموچاوە ناودارانە دەردەچنەوە، تۆ بلێی كورد كەسی تری دروست نەكردبێ لەم 40سالەی دواییەدا، بۆیە هەر ئەم پالەوانانە بەردەوام وەک سەركردە دەمێننەوە.
بە رای زۆر خەلكی كورد وا دەردەكەوێ ئەم دوو ئیدارەیە بە هۆی نەسندەوەی چارەنووسی كەركوك وناوچەكانی تر كە ئازاد نەكراون، بگەرێنەوە سنوری كوردوستان، چونكە لە سەرتای رزگاربوونی عێراق و ئازادی كوردوستان، ولاتەكانی هاوپەیمان زۆر گرنگیان بە ئێمەی كورد دەدا، بەڵام لەبەر پەرژەوەندی ئەم دوو حیزبەو دزی و جەردەیی بۆ كۆكردنەوەی پارە لەگەڵ برێمەر و مافیەكانی تر، ئاگایان لە ئایندەی كورد هەر نەما، بەلكو دوور نیە بەلێنیان دابی بە شیعەكان كە داوی ئەو مافانە نەكەن كە زووتر بە تەمای بوون ئەویش بەرامبەر بەو پارانەی وەری دەگرن، واتە داوكردنەكانی كورد دوا بخرێت، وەك ئەمرۆ بۆمان روونبۆتەوە، ئەگەر وا نەبێت چ هێزێكی تر لە كوردوستاندا و لە گۆرەپانی عیراقدا دەسەلاتی هەبووە لە سەرتادا، بەڵام ئێستاكە زۆر بە ئاشكرا رووناك سوپاو میلیشیاتی سەر بەم گرووپە عەرەبیانە پەیدا بووەو پەرەش دەستێنن، وە بەردەوام ئەم سیاسەتە دۆراوە وامان لێ دەكات كە نە كەركوك و نە گەرمیان و نە ناوچەكانی تربگەرینینەوە بۆ سەر خاكی كوردوستان، چونكە ئاشكرایە گۆرەپانی كوردوستان توانی هێزێكی سوپایی عیراقی نیە وە سنورەكەشمان رێگامان پێ نادات كە بتوانین شۆرشێكی مەزن بەرپا بكەین دژ بە سوپای عیارقی داهاتوو.
لەم روانگەیەوە دەردەكەوێ كە حكومەتەكی جەعفەری قورسی و سەنگی ئەم دوو ئیدارەیەی دەزانی كە لە بەر پارەی خۆیان ملكەچی بۆ مەرجەكانی ئەو دەكەنە وە زۆر ئاشكرایە كەسیاسەتی جەعفەری زۆر پاكە واتە دز نیە و بۆ پارە داوكاریەكانی حیزبەكەی خۆی*/الحیزبی* دعوە.. بە پارە نافرۆشی بۆیە زۆر بە ئاسانی توانی گۆلێكی گەورە لە كورد بكات، چونكە ئێمەی میللەت خاوەنێكی پاكمان وەك جەعفەری نەبوو، ئەگەر من راست ناكەم! ئەو كاتە زۆر بە ئاسانی سەركردەكانمان دەیانتوانی حكومەتەكی جەعفەری بە ئاسنی بروخێنن و فشاری بكەنە سەر.

بە بۆ چونی من جەعفەری دەیزانی ناكۆكی زۆرە لەدەر پارەو دەسەڵات لە نێوان ئەم دوو حیزبە كوردیە وە دەشی زانی هەردوو ئێدارەكە ڕاست ناكەن لەگەڵ خەلكی كەركوك بەلكو هەر یەكەیان ئەجەندەی تایبەتی خۆیان هەبوو بۆ دروست كردنی دەسەلات و خەڵك كرین لە كەركوك دژبە لایەكەی تر.

ئەمرۆ كێشەی كەركوك و ناوچە ئازادنەكراوەكان زۆر لە مەترسیدایە، ئەوەش دەگەرێتەو سیاسەتە هەلەكی سەردارانی كورد كە هێزێكیان زیندوو كردەوە بەرامبەر بە كورد كە زۆر نالەبارتر بن لە جەعفەری و عەرەبە شیعەكان. ئەویش عەرەبە سوونیەكانە كە ناسراون بە رەگەزپەرستی عەرەبی، وە هیج مامەلەیەك لەسەر داواكردنی بنەماكانی كورد ناكەن بەلكو دازایەتیشی دەكەن.

واتە گریمان ئەم لیستە عەرەبانەی تر رێك بكەون لە گەل جەعفەری ئەگەر تەنها بۆ ماوەیەكی كورتیش بێت و دەستكاری دەستوریشیان كرد، كورد چی پێ دەكرێ؟ وە سیاسەتی عەرەبە سوونیاكن ئاشكرایە كە خۆیان مات دەدەن تا پرۆسەی كێشەی كورد تەواو دەبێ ئەوسا زۆر بە ئاسانی بە یارمەتی ولاتە عەرەبیەكان سیستەمێكی شوڤێنی دروست دەبێتەوە، ، وئێمەش دەبێ بلێن.. ئاو بهێبەو دەست بشۆ... ! ئەو كاتەش سەركردەكان دەچنەوە هەندەران و دەست دەكەن بە بازرگانی سەر بەخۆ لە دوورەوەش بە میللەت پێ دەكەنن.

ئەی كوردینە دەبێ زۆرو وریا بین لە ئایندەی نزیك چونكە ئەم دوو ئیدارەیە پێك دێنەوە تەنها بە ناو، تەنها بۆ هەڵخەلەتاندنی ئێمەی ساوێلكەیە، چونكە زۆر ڕوونە ئەوان ئێستا لە سەر كورسیە كەمەكانی پارلەمانی عێراقی كە دەدرێ بە كورد شەڕ دەكەن، چونكە ئەمجارەیان تاكە هاوپەیمانی شیعەكان نین بەلكو دەنگیشیان لە سێ لیستە هاوپیمانیەكەی تر كەمترە، دوور نیە شەرە كورسیش لە سەر كورسیی سەرۆكایەتیش بكرێت لە گەڵ سونییەكان بە تاینەتی لە سەر وەزارەتی دەرەوەیی یان سەرۆک كۆماری یان هەر كورسیەكی تر كە بۆ شیعەكان گرنگ نین.

لە لایەكی تریشەوە ئێستا ش كاتمان بەدەستەوە ماوە بۆ جی بەجێ كردنی مادەی* 58* ە كۆنەكە، باری چاككردنەوەی هەلەكانی سەركردەكانمان دەكوێتە سەر شانی خۆیان، چونكە ئەوان دەیان ویست عادڵ عەبدولمەهدی ببێتە سەرۆك حكومەت گوایە لەگەڵ كورد باشە، بەلام بەلای منەوە سەركردەكانی كورد لەبەر پەرژەوەندی خۆیان بوو، ئەویان دەویست هەر بۆ ئەوەی باسیی گەندەلی سەركردەكان لە كوردوستان دا نەكات، بۆ من جەعفەری باشترە چونكە كورد شەرمی لەو شكاوە و بە ڕاشكاوی داوی مافەكانمانی لێ دەكەین، بەلام ترسی من لێرەدا ئەوەیە كە جارێكی تر سەردارەكانمان لەبەر پارەكانیان جارێكی تریش بمانفرۆشنەوەو كەركوكمان لەدست بدەنەوە.

bawkibotan@hotmail. com